# خوێندنەوەو گفتوگۆ لەسەر چیرۆك
# لە کۆڕێکی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەدا



بۆ ئاودانی دەروونی جەماوەری چیرۆكو ئەدیبو ئەدەب دۆستانی رانیە بە چیرۆكو گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەو ژانرە گرنگەی ئەدەب، رۆژی پێنج شەممە 2007/6/21 سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە، کۆڕێکی بۆ چیرۆکنووسی قەڵەم ناسکی دەڤەری رانیە (عومەر حسێن) لە باخچەی سەنتەر ساز کرد، کۆڕەکە کاتژمێر (5)ی ئێوارە دەستی پێ کردوو نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند، کە رێژەیەکی زۆری گەنجانو ئەدیبو ئەدەب دۆستان تێیدا ئامادەبوون، سەرەتا عومەر حسێن 3 چیرۆکی تازەی خۆی خوێندەوە، کە بە 3 تەکنیکی جیاواز نووسرابوونو دواتر گفتوگۆ لەنێو ئامادەبوواندا دەستی پێ کردوو بە قازانجی دەوڵەمەندبوونی کۆڕەکە کەوتەوە. ماوەتەوە بوترێت خالید قادر کۆڕەکەی بەڕێوە بردو ئەم چالاکیەش چووە سەر خەرمانی چالاکیەکانی سەنتەری گەنجان.

